# هێزی سێ یەم دەبێ بریار بدات بەجیابوونەوە یان مانەوە لەگەل دەولەتی مەرکەزی لەعیراقدا

## (خەڵکی کوردستان ئەگەر ئیرادە بکات دەتوانێ ئەم هەل بژاردنە رابگرێ)

ئەمرۆ 26-11-2004 لە لەلەندەن ئێوارە کۆرێ بۆ (شۆرسشی حاجی، و د ریبوار فەتاح ) کاتژمیرێ 7 ئێوارە بەسترا لە ژیر ناونیشانی (ئایا کوردستانی باشور بەشداری هەل بژاردن بکات ) کەلەم کۆبوونوەیەدا بەگشتی سەرجەم بەشداربوان لە دژی بەشداری خەڵکی کوردستان لەهەڵ بژاردنی سەرتاسەری عیراقدا هەڵویستیان نواند .

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ( ئیبراهیم محمد و پرشنگ ئەحمەد) ئەندامانی کۆمیتەی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بەشداریان کرد لەپشتیوانی لە هەڵویستی ئیستای خەڵکی کوردستان لەبریاردان لە چارەنووسی خۆیان و داواکاری بەرپا کردنی ریفراندۆم لەکوردستاندا بەمەبەستی جیابوونەوەو وە پێکهینانی دەولەتێکی سەربەخۆ و پێش کەتووخوازی غەیرەقەومی وسکولار لەکوردستاندا ، وە هەروەها هاتنە مەیدانی هیزی سێ یەم کە ئیرادەی راستەخۆی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەنجام دانی ریفراندۆم پێش هەل بژاردن لەکوردستاندا قسەو باسیان کرد ،وەك هەڵویستی هەمیشە وەستان لەپال خواستە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستاندا و بۆچوونەکانی خۆیان راگەیاند و رەخنەیان لە هەڵویستی یەکیتی و پارتی گرت وەك دووهیزی دەسەلات دار کە خواستی جیابوونەوە ناخەنە ئەجندەی حکومەتی ئایندەی ئیستای عیراقەوە وە بگرە لەدژی رادەوەستن .

لەم کۆبوونەوەیەدا لەلایەن بەشداربوانەوە پشتیوانی لە ئەنجام دانی ریفراندۆم پێش هەل بژاردن کرا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەخەباتی خۆیدا تێ دەکۆشێ لەپێناو نۆینەرایەتی کردنی ئاوات و ئارەزووە ئینسانێکانی خەڵکی کوردستان ، هەڵ بژاردن ئیستا لەعیراقدا بەبێ گەرانەوە و بواردان بەخەڵکی کوردستان بۆ هینانی ئیرادەی راستەخۆی خۆیان لەسەر چارەنووسیان بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵ بژاردنی عیراق وپێش مەرجی بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ مانەوە یان جیابوونەوە هیچ شەرعیەتێکی نی یە ، وە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئایندەی خەڵکی کوردستان لەگرەوی پێکهینانی سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینێ تا هەر رێگەیەکی تری دورخستەنەوەی خەڵکی کوردستان لەکارەساتی خەتەرناکتر.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \ رێکخراوی بەریتانیا**

**2004-11-26**

---

www.wpiraq.net

www.wpiraq_uk@yahoo.co.uk
Tel:07734704742